# ریفۆرمکردن لەسەردەمی شارستانییەتی کۆیلەداریدا

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی

ساڵێك پێش ئێستا دەستم کردە خوێندنەوەی بەشی یەکەمی پەرتووکی (لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانییەتی دیموکراتیانە) کە لەلایەن رێبەر ئۆجەلانەوە نوسراوە لەزیندانی ئیمرالی. لەبەر گرانی و باس لەدیاردەکانی مێژوو،میتۆلۆژیا و ئایین و فەلسەفەی دەکات، بۆیە بۆ من نوێ بوون و ئەوکاتە بە رێژەیەکی کەم لێی تێگەیشتم، بەڵام ئەمساڵ لەماوەی رۆژانی رابردوو هەمان کتێبم خوێندەوە، بۆ ئەوەی باشتر و زیاتر لەو کتێبە تێبگەم. بەبڕوای من ئەوەی ئەو کتێبە نە خوێنێتەوە و زانیاری ئەو تۆی نابێت دەربارەی مێژوو و فەلسەفە و زۆر شتی تر بەڵام لەو کتێبەدا بە هەردوو بەشەکەیەوە باس لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی دەکات تا رۆژگاری ئەمڕۆمان. جا بە باشم زانی لەژێر رۆشنای ئەو کتێبەدا. نوسینێك بنووسم سەبارەت بە ریفۆرمکردنی سەردەمی شارستانیەتی کۆیلەداری.

وەك دەزانرێت ژیان هەر لەسەردەمی نیۆلۆتیکەوە و بگرە پێش ئەوەش قۆناخ بە قۆناخ هاتووە، تا رۆژگاری ئەمڕۆمان کە سەردەمی شارستانیەتی دیموکراتیە. بەڵام دیارە سەردەمانێکیش هەبووە سەبارەت ریفۆرم کردنی و بەرخۆدانی لە بەرامبەر شارستانیەتی کۆیلایەتی. لەدەستپێکدا سەرەتا باس لەئامرازە کەڵکە بووکانی بەرهەمهێنان کراوە و هەروەها کردنەوەی خاکە بە پیتەکان بۆ ئاواکردنەوە. ئیدی دیار بووە ئەو تەکنیکانەی کە لەو سەردەمەدا بوونی هەبووە لە مس دروستکراوە، ئیتر لەگەڵ بەرەو پێشبردنی ئەو تەکنیکانە بەشی بەرهەمی هەر تاکێك زیاد دەبێت. دواتر هێدی هێدی پیشە دەکات و ژمارەی دانیشتوانی شاریش زیاد دەکات و بیریان لەوە دەکردەوە کە جێگای گەورەتریان هەبێت، وەکو شار شارۆچکە ئاسا بێت. ئەمەش بۆ ئەو سەردەومە لەنێو ئەو پێکاتەی کۆمەڵگا واتای شۆڕشێکی گەورەیە. هەروەها شێوەی رێکخستنی تیرەکان بە گوێرەی کشتوکاڵ و پیشەکاری بەلاوە دەنرێت. لەبەر ئەو دیاردەیە تیرە بۆ خۆی سەردەمی بە سەردەچێت. ئەمەش گەوهەری راستەقینەی ماددی شۆڕشی شار دەبینێ، چونکە لەو دەمەدا بەو شێوەیە بوو. دیارە تەوەری هەرە گرنگ ئەم جارە لەپاش ئەو کارە سەرەتایانە ئینجا دۆخی ئامادەکاری فکری دێتە پێشەوە لەهەمبەر ئەو وەرچەرخانە کە لەسەر بەرهەمهێناندا هاتە گۆڕێ، ئەم بەرهەمهێنانە کە بە بەرهەمی ماددی دێتە ناسین و لەهەڵومەرجی شاردا دەتوانرا رێژەی پێ بدرێت. لەلایەکی ترەوە چینی رەنجدەری خۆی ئەخوڵقاند هەروەها شێوازێکی بەرنامە بۆرێژ بوو لەپێناو ئەو کارەی کە چ کاتێك بە نیازبێت ئەنجامی بدات. لەو رەوشەشدا شۆڕشێکی هزری زۆر پێویست دەبێت.

ئەو گۆڕانکاریە واقیعیانە و کارکردن و ژیان و گوزەرانی ئەو زەلال دەکاتەوە کە لەبەرچی راهیبی پەرستگاکان ناچاردەبوون بە بەڕێوەبردنی بەرهەم و ئایدیۆلۆژیا تازەکەی کە پێکەوە و لەناو یەکتردا بەڕێوەببەن.

بێ شك دیارە هەردوو شارستانیەتی سۆمەری و میسر لەزۆر رووەوە گرێدراوی یەکن ئەوەش راستیەك بوو. هەر ئەم راستیەش خۆی لەخۆیدا زۆر شتمان بۆ روون دەکاتەوە گەر هەندێ وردبیتەوە. چونکە هەر لەو سەردەمەدا بە دەزگا بوونی زاراوەی سیاسی دەبێت و زیاتر لە گەشەسەندندا دەبێت و کاری پێ دەکرێت. هەر ئەو کاتەش بوونی راهیب مەرج دەبێت. لەبەر ئەوەی راهیب مەجبوور بووە ئایدیۆلۆژیای نوێ بئافرێنێ و هەوڵبدات بە بەردەوامی لەپێناو ئاواکردن و پەروەردە کردندا. بێ گویدانە توند و تیژی، چونکە دەزانن توند و تیژی مردن لەگەڵ خۆی دێنێ میتۆلۆژیا و دینی سۆمەرێکان سەرچاوەی خۆی لەهێزی رزگارکردنی ئەو ئینسانانەوە وەردەگرێت کە ئەوە بوو بۆ جاری یەکەم کرانە (کۆیلە) ئەو ئایدیولۆژیایەی کە ئەوکاتە راهیبێکان توانیان بیهێننە بوون دیارە کارێکی هەروا ئاسانیش نەبوە راهیبێکان دەیانتوانی کاری لەوشێوەیە بکەن. ئەمەش لەئەنجامی بیرکردنەوە و تێفکراندنێکی قوڵەوە هاتووتە بوون، یان لەلایەکی ترەوە بە گوزارشتێکی جیاواز سیستەمی میتۆلۆژی و ئاینی هێزە کە خاوەنی رۆڵێکی گەورە بووە لەتەواوی سەردەمەکانی شارستانیەتدا.

گەر میتۆلۆژی (زانستی خوداناسی) سۆمەریکان نەبوایە ئەوا ئەوکاتە نە ئاینە تاکخودایەکان و نە میتۆلۆژیا و ئاینی یۆنان و رۆماییەکان، ئەو دەمە بەو شێوەیە دەرنەدەکەوتن.

لێکۆڵینەوە لەسەر پێشکەوتنی هزر و رۆح و هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر پێکهاتەکانی ئاین و میتۆلۆژیا کارێکی جددییە. دیارە ئەوەش زانستێکە هێشتا وەکو پێویست پێش نەکەوتووە. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو ئاینانە و ئاینی دیکە رەتدەکەنەوە، چونکە ئاینێکی سنورداربوونە، پەروەردە وەرگرتن لەسەر مەسەلەی فکری و فەلسەفی و زانستی هێشتا تا ئیمرۆ زۆر بایەخی پێ نەدراوە بۆ ئەوەیە تا هەنووکە و لەنێو دۆخێکی ئاڵۆزداین. هەرسەبارەت بە ئاین و ئاین زاکان پتر لەو دەمەوە پێشکەوت، جا بۆیە یەکەم جار جێگای عیبادەت (بەندەی خوای) تێدا دروستکراوە. هەروەها بۆ جاری یەکەم سەنتەری

فێرکاری میوزیك و ئاهەنگ بووە. وەیەکەمین خوداوەندی ماڵی ژن و پیاو بووە. یەکەمین ماڵی تایبەتی و گشتیش بووە. سەنتەرێکە گەورە و خوڵقکار و ناولێنانی دەزگا و سازییەکان بوو. ئەو پەرستگا و فێرگە و هۆڵانەوە دواتر ئاواکردنی میریشی بووە.

ئەو دەمە گەلێ شتی نوێ هاتونەتە ئاراوە و خوڵقێنراون یەکێکی تر لەو خوڵقێنرانە (بەندە). کە لەلایەن سۆمەرێکانەوە دروستکراوە. یەکێکی تر لە داهێنانی ئەو راهیبانینەیە بەرهەمهێنانی کۆیلە بوو.

ئیتر دوای ئەمانە پتر لەواتای سیستەمی بەندە دەگەین، کە ئەمەش زۆری خایاند و بە ئێش و زەحمەتیەکی زۆرەوە و بە ناکۆکیەکی گەورە و زۆرەملیێ وە ئەو سیستەمانە رێکخراون. ئەگەر تەنیا باس لە ئاواکردنی ئەهرامێك بکەین یان باس لەشارێکی کۆنتر بکەین و بیهێنینە پێش چاومان، حەتمەن ئەو کاتە زیاتر هەست بە گەورەیراهیبەکان دەکەین. راستینەی زانستی و دیرۆکی و دەرککردن و هەستکردنی روحی، هەروەکو چۆن ئافراندیان بۆ پتر وەکرخستنەوەی فکری، هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی چڤاکی چینایەتی مانادارتر بوو. وەلێ بە دەزگا بوونی چڤاکی چینی کۆیلەداری لە ئەنجامی رەنج و زەحمەتی مرۆڤەوە پێکهات. ماتریالیزمی دیالەکتیکی فێری ئەوەی کردووین کە هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێت . بە چەقۆی مادەکە پارچە دەکرێت لە جێگایەکدا هی تازە دەخوڵقێنێ، ئەمەش دەبێت بە شێوازێکی زانستی ئەرکەکانی خۆیان جێ بەجێ بکات.

هاوکات لەبەڕێوەبردنی شارستانییەتی کۆیلەداری کە سێهەمین خانەدانی ئۆر و خانەدانەکانی ناوڕاستی لەسالآنی 2000پ.ز کە بەواتای تەجربەی بنیاد نانەوە دێت. ئیدی پیشەکاری لەناو کۆمەلگاکانیش لەزیادبووندا دەبێت، ئەمەش وەکو کارەکتەرێکی ناوخۆ هەمیشە مەزن دەبێت و ئینجا بە پراکتیکی توند و تیژی کوێرانە سەرجۆن و هەولەکانی بۆ بلآوکردنەوەی ئەو سیستەمە دەبێت، ئەمەش لەئەنجامی توانکاریەکی زۆرەوە نەوەکانی لەسەد ساڵ زیاتر بەردەوام دەکات.

جارێ لەوەنەجاتی نەبووە کە بەهەمان سیستەم پکتاوی دەکەن، کەچی بەردەوام لە لێگەریندا دەبێت بۆ ئاواکردنی سیستەمێکی نوێ.هەروەها دوای ئەو کێشمەکێش و ئالۆزیانەی کە لەو دەمەدا بوونیان هەبووە وەلەئەنجامی هەولەکان ئەو تەگەرانە پوچەڵ کراونەوتەوە و هەنگاو نان بەرەو و ئاسۆیەکی روناکتر و جیاواز. دوابەدوای ئەوە ئەو شار و هەرێمانە زیاتر بەدوای داخوازی و هێزی گرنگیان پێ دەدرا. بەلآم هەر ئەو دەمە زیاتر مرۆڤەکان کۆیلە دەبوون. تەنها ئەو گۆڕانە دەبوە زیندە بەچاڵکرندنی تەواوی ماڵ و سامان و خزمەتکار و نزیکەکانی پادشا لەگەڵ تەرمی پادشادا دەبوایە ئەوانەش هەر هەموویان بە زیندووی بنێژرایەن. هەرچەندە ئەو تەکنیکانەی کە هەتا بهاتبایە پێشدەکەوت تارادەیەك بەرەو پێشبردنی دروستدەکرد تەنیا هیچ کاریگەری لەسەر کۆیلایەتی نەبوو. دوای ئەمەش ئینجا قۆناخی موحافەزەکاری دەستیپێکرد. ئەوەش زیاتر دەبێتە رێگەگرتن لەئازادی پیشەکاران چونکە سنوردار کراون لەکارەکانیان، بەمەش یان ئەوتا مولکی کۆشکە یانیش پەرستگا.

سەرچاوە: ( لەدەولەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرو شارستانیەتیدیموکراتیانە)